سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

25 Oktober 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 16
ساڵی یەکەم 25 ئۆکتۆبەری 2018

# سیلڤۆ ڤان ڕۆی: ئەو پیاوەی بە تەنیا دونیایەک کاری بۆ کورد کردووە..!




دکتۆر جەبار قادر– هایلۆ، هۆڵەندا

لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو و دوای شەڕی دووەمی جیهانی، کە لێکەوتەکانی وێرانکاری و کارەساتی مرۆیی زۆر سامناک بوون، کەم کەس هەبوو لە وڵاتانی ئەوروپا بپەرژێتە سەر ئەوەی بیر لە ئازار و نەهامەتی گەلانی دیکا بکاتەوە، بە تایبەتی گەلێکی بێدەرەتانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی وەک کورد کە بە زۆر بێدەنگ کرابوو و بە خراپترین شێوە دەچەوسێنرایەوە. چینە سەردەست و پارێزگارەکانی وڵاتانی کۆڵۆنیالی دەستیان لە گەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا تێکەڵ کردبوو و لە دژی کورد و داخوازییە ڕەواکانی بوون. لە بەرامبەریشدا بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چەپ و دیموکراتەکان ڕاپەڕین و جموجووڵەکانی کوردیان بە کردەوەی شۆڕشگیری و پێشکەوتنخواز دانەدەنا. لێکدانەوەی زۆریان بۆ بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی کورد ئەوە بوو، کە کاردانەوەی ئاغا و دەرەبەگ و هێزە کۆمەڵاتییە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگای کوردین لە دژی مۆدێرنیتە و دابەشکردنی زەوی و زار بە سەر جوتیاراندا. بەشێکی ئەم بۆچوونانە لە لێکدانەوەی پارتە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، بەشەکەی دیکەشیان لە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا جێگیر ببوون. ئەم بۆچوونانە پرسی چەوسانەوەی نامرۆڤانەی کوردیان بە تەواوی پشتگوێ خستبوو، بۆیە بەو ڕەهاییە دروست نەبوون. ڕاستە بەشێکی گرنگی بەرپرسانی بزووتنەوەی کوردی بە مەبەستی پاراستنی پێگەی دەرەبەگایەتی و باڵادەستیی خۆیان بەشدارییان لە بزووتنەوەکەدا دەکرد و کاتێ دەگەیشتنە مەرامی خۆیان نەک هەر دەستبەرداری دەبوون، بەڵکو زۆر جار دەستیان



لەگەڵ دوژمنانیدا تێکەڵ دەکرد. بەڵام لە بەرامبەردا جەماوەرێکی زۆر لە دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئابوری و ژیانی کۆڵەمەرگی ڕادەپەڕین.

لەم کەش و هەوا سیاسییە نالەبارەدا بۆ کورد، پیاوێکی خاوەن ویژدان لە هۆڵەندا دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان لە بارەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردەوە. ڕێکخراوێکی پشتگیری بە ناوی (کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان International Society Kurdistan) دامەزراند و دەستیکرد بە دەرکردنی گۆڤار، ڕاستتر هەواڵنامەی (Kurdish Facts) کە مانگانە بوو و لە دەسپێکدا بڕیار وابوو ساڵی بیست جار بڵاوبکرێتەوە. ئەمە بێجگە لە چاپکردنی هەندێ نامیلکە و کتێبی وەرزی و ساڵانە. لەو کاتەدا تەنها ڕێکخراوەی کوردی لە ئەوروپا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو، کە ژمارەیەک لە

بڕوانە: ل 3

**ئەم ژمارەیە تایبەتە بە کوردناسێکی هۆڵەندی (سیلڤۆ ڤان ڕۆی)، ئەو پیاوەی بە تەنیا دونیایەک کاری بۆ کورد کردووە.....دکتۆر جەبار قادر، نوسینێکی تایبەتی دەربارەی بڵاوکردۆتەوە...!**


# پرسی نەتەوەیی کورد و ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ

## ئێمەی کورد چۆن بتوانین لە چوارچێوەی پەیمانی سایکس-پیکۆ و بازنەی داخراوی کارتی فشاردا بێینە دەرەوە!؟



**بەختیار شەمەیی- ئەمستردام**

ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ لە مێژووی ١٩١٦/٤/٩ دا لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا بە رازیبوونی رووسیای تزاری، لەنێوان ئینگلستان و فەڕەنسەدا بەسترا. بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنامەیە، بۆ دابەشکردنی ئیمراتۆرێتیی عوسمانی بوو و بۆ دابەشکردنی وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبنان و فەڵەستینی ئەوکاتە لەنێوان ئینگلستان و فەڕەنسەدا بووە. شایانی باسە هەموو ئەو وڵاتانە ژێردەسەتەی تورکی عوسمانی بوون و بەشێک بوون لە ئیمراتۆڕێتی عوسمانی. ئەو ڕێکەوتننامەیە لە مێژوودا بەناوی مارک سایکسی ئینگلیزی و فرانسوا جۆرج پیکۆی فەڕەنسی ناودێرکرا. لەڕاستیدا پێش ڕێکەوتننامەی سیکس-پیکۆ، کوردستانی گەورە لەنێوان ئێران و ئیمپراتۆرێتیی ئیسلامیی تورکی عوسمانیدا دابەش کرابوو، بە جێبەجێبوونی سایکس-پیکۆ، کوردستانی گەورە بە تەواوی کەوتە نێوان تورکیا و عێراق و سوریا وە و پێشتریش ئێران بەشی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەخۆیەوە لکاندبوو و ئیتر ئەو بەشانەی کوردستانی گەورە، بوون بەشێک لە جیۆگرافیای سیاسیی ئەو وڵاتانە. لێرەدا سەبارەت بە کوردستانی گەورە، پێویستە ئاماژە بە راستییەکی دیکەی مێژوویی بدەین کە ئەمەیە: دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا، ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیداری کوردی بەناوی کوردستانی سوورەوە لەلایەن لێنین و یەکێتیی سۆڤێتەوە پێکهێنرا و بەفەڕمی ناسرا و دانیپێدانرا کە ئەو کاتە ناوی کوردستانی سوور بوو، ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمیدارەی کوردستان، تاکە بەشی ئازاد و رزگارکراوی کوردستانی گەورە بوو، شارەکانی ئەو ناچە کوردنشینانە بریتی بوون لە (لاچین، شوشە، نەخچەوان). بەڵام مەخابن، دوای مردنی لێنین و هاتنەسەر کاری ستالین، لەلایەن ستلاینەوە کوردستانی سوور هەڵوەشێنرایەوە و ناوچە کوردی



و کوردنشینەکانی ناو یەکێتیی سۆڤێت لەلایەن ئازەرییەکان و ئەرمەنییەکانەوە داگیرکرانەوە و کوردەکانی ئەو ناوچانەشیان بەزۆر دەربەدەر و ئاوارەی کۆمارەکانی دیکەی ناو یەکێتی سۆڤێت کردن کە ئەو کارەساتە دڵتەزێنە لە مێژوودا بە تراژیدیای کوردەکانی یەکێتیی سۆڤێت ناسراوە.

(کوردی سۆڤیەت وەک میللەتەکانی تری ژێردەستی ئیمراتۆری رووسی لە سەرەتادا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر لە مافە نەتەوەیی و کولتووریەکانی دابین کرا بوو، بەڵام تەمەنی ئەو مافانە کورت بوون و لەگەڵ هاتنی ستالیندا، مافەکان لەناو چوون و قۆناغی ئازار و ئەشکەنجەی کورد و میللەتە بچووکەکانی تری ناو چوارچێوەی سۆڤیەت دەستی پێ کرد. لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئێمەی کوردی خەڵکی پارچەکانی تری کوردستانی گەورە لە سایەی سەری ئاگاداری حاڵی کوردی سۆڤیەت نەبووین، تەنانەت لە سەردەمی ستالینیشدا ئەگەر باسی کوردی سۆڤیەت بکرایە دەیانگووت حاڵیان باش و بێ کەم و کورتیە. لەم بارەیەوە پرسیارم لە پڕۆفیسۆر نادرۆف کرد. ئەویش زۆر بە وردی باسی بۆ کردم و گوتی: (لە ساڵی ١٩٢٣ لێنین بروسکەیەکی بۆ نەریمان نەریمانۆف-ی سەرۆکی کۆماری ئازەربایجان رەوانە کرد. لەو بروسکەیەدا گوتبووی – حاڵی میللەتی کوردستان زۆر خراپە، میللەت وا لە برسان قڕ دەبن و دەتوێنەوە. بۆیە دەبێ یارمەتی بدەن – لەبەر ڕۆشنایی ئەو بروسکەیە پەرلەمانی ئازەربایجان بڕیاریدا شەش ناوچەی ئازەربایجان، کە دانیشتووانەکانی کورد بوون، یەکبخرێن و بکرێن بە ناوچەی "ئۆتۆنۆمی" بۆ کورد و ناوی ناوچەکەش "کوردستانی سۆڤیەت" بێ. نەریمانۆفی سەرۆک کۆمار ئەو بڕیارەی لە ساڵی ١٩٢٣ دا مۆر کرد. بەو شێوەیە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی سۆڤیەت دامەزرا و شاری شوشە کرایە پایتەختی. دوای چەند مانگێک پایتەختەکە گواسترایەوە شاری "لاچین". هەر بەو پێیەش پێداویستەکانی کورد، لە سۆڤیەت وردە وردە دابین کران و هەرچی پێویست بوو، لە بارەی ئۆتۆنۆمیەوە درا بە کورد. ڕۆژنامەیەک کەوتە دەرچوون بەناوی "کوردستانی سۆڤیەت". قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە زمانی کوردی کرایەوە. شانۆی کوردی دامەزرێنرا و کەوتە گەشە کردن. هەروەها دەزگا و دائیرەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیستەمی پەرلەمانی لە کوردستان دامەزرن. سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردراو و "گوسی گاجێیف: بوو بە یەکەم سەرۆکی پەرلەمان و یەکەم سەرۆکی کوردستانی سۆڤیەت. گوسی گاجییف خۆی کوردی ئەو ناوچەیە بوو. بەو جۆرە ئیتر نیمچە دەوڵەتێکی کوردی هاتە پەیدا بوون و بە رێک و پێکی بەڕێوە چوو. ئاواتی کوردی ئەو بەشەی کوردستان گەیشتە دی. بەڵان ووەک پێشتر وتمان ئەو خەونە خۆشە زۆری نەخایاند. لە ساڵی ١٩٢٤ دا لینین کۆچی دوایی کرد. ئیتر لە رۆژەوە ئەوەی کوردیش وەدەستی هاتبوو کەوتە بەر شاڵاوی لەناو چوونەوە. قوتابخانەکان بەرە بەرە کەم بوونەوە و دام و دەزگاکان هەڵوەشانەوە و کوردیش کۆمەڵ کۆمەڵ لە ناوچەی کوردیەکانی خۆیانەوە گوێزرانەوە بۆ ناوچەکانی تر).

(سەرچاوە: گۆڤاری پەیڤ، ژمارە ١٥، ١٩٩٢. کورد لە سۆڤیەتدا لێدوانێکی گشتی لەگەڵ نادری نادرۆف و رەیحانە عەقدول، ئامادەکردنی دوکتۆر دلاوەر.. ل ١٥٠٢-١٥٠٣).

بڕوانە ل 6

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان.

# یەکێ لە کارە گرنگەکانی سیلڤیۆ ڤان ڕۆی بە هاوکاری لە گەڵ ڕولۆف تامبورا بڵاوکردنەوەی (بیبلیۆگرافیای کوردی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان)بوو...

خوێندکارانی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ڕێزەکانی خۆیدا کۆدەکردەوە و ئەندامانی لە وڵاتە جیاوازەکان هەوڵی ناساندنی کوردیان بە گەلانی ئەوروپا ئەدا. لە گەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولدا هەندێ کۆمەڵە و ڕێکخراوە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمێریکا پەیدا بوون، کە لە ڕاستیدا زۆربەیان ڕێکخراوەی تاکە کەسی یا چەند کەسی بوون. لە نێو ئەمانەی دواییدا دکتۆر کامەران بەدرخان لە پاریس و دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە لۆزان ڕۆڵی سەرەکییان دەبینی. دامەزرێنەر سەرۆکی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان ناوی سیلڤیۆ ڤان ڕۆی بوو. ڤان ڕۆی بنەماڵەیەکی ناوداری شاری ڕۆتردامن. سیلڤیۆ لە ساڵی ١٩٢٤ لەو شارە هاتۆتە دونیاوە. وەک ڕۆژنامەوانێکی فریلانس کاری دەکرد. سیلڤیۆ هەندێ جار لە ژێر ناوی خوازراودا وەک هانس ڤێرد Hans Weerd نووسینی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هۆڵەندا و دەرەوەی هۆڵەنداش بڵاوئەکردەوە. ئەو پرس و بابەتانەی سیلڤیۆ ڤان بایەخی پێدەدان و کاری لە سەریان دەکرد پرسی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان بوو بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، یەکێتی سۆڤیەت و چین. لەم بوارانەدا و لە تەک چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانیدا چەندین توێژینەوەی لە سەر داخوازی حکومەتەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ئەنجامداوە. دوا بە دوای کودەتاکەی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ لە عێراق و ٢٧ ئایاری ١٩٦٠ لە تورکیا، لە دوای بێدەنگییەکی دوور و درێژ لە باکور و باشوری کوردستان، باس و خواس لە بارەی کوردەوە جارێکی تر سەری هەڵدایەوە. لەم کاتەدا سیلڤیۆ ڤان ڕۆی لە گەڵ چەند خوێندکار و ڕۆژنامەوانانی وەک ڕولۆف کۆرنێلیس تامبور(١٩٣٩ – ؟)، کە دوایی بوو بە پەیامنێری کاروباری پارلەمان بۆ ڕۆژنامەی " هێت فرایە فۆلک – گەلی ئازاد"ی ئەمستەردام، و ئێدوارد ڤان پراگ(١٩٢٢ – ١٩٨٥)، دواتر بوو بە سکرتێری پارتی "دیموکراتانی ٦٦"، کۆمەلەی نێونەتەوەیی کوردستانی لە مانگی تەمموزی ١٩٦٠ دامەزراند. وەکو هەر کارێک کە ئەوروپاییەکان دەیکەن، یەکەم شت بیری لێدەکەنەوە پەیداکردن و کۆکردنەوەی زانیار و داتای پێویست بوو. ئەمە تا ئێستاش لە لای ئێمە نەبووە بە نەریت. کۆمەڵە یەکسەر دەستی کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە لە بارەی کورد و کوردستانەوە. پەیوەندی بە زۆر کەسەوە کرد کە لە بارەی کوردەوە شتێکیان دەزانی. لە گەڵ بەدرخان، وانلی، قەناتێ کوردۆ، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسانی ئەوروپا لە پەیوەندی و تێکەڵیدا بوو. بڕیارياندا لە سەر ئاستێکی نێونەتەوەیی لە بارەی دۆز و مێژووی کورد و کوردستانەوە کار بکەن بۆیە بڵاوکراوەکانیان بەزمانی ئینگلیزی بوو. سیلڤیۆ بۆ خۆی دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو و زۆربەی کارەکانی هەر بە خۆی دەکرد. سیلڤیۆ لە ژمارە ٧ هەواڵنامەکەیدا، کە دوای ساڵێک لە دامەزراندنی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان دەرچووە، کۆمەڵەکەی بەم شێوەی خوارەوە پێناسە کردووە:" گروپێکی کاری نێونەتەوەیی دیموکراتی ناحیزبییە. لە تەمموزی ١٩٦٠ لە هۆڵەندا دامەزراوە. ئێستا لە سی وڵات لایەنگر و ئەندامی هەیە و کار دەکات". ئامانجەکانیشی لەم خاڵانەدا کورت کردۆتەوە: ١. کۆکردنەوە و بەخشینی زانیاری لە بارەی کورد و کوردستانەوە، ٢. یارمەتیدانی نەتەوەی کورد لە خەباتیدا بۆ ئازادی و دیموکراتی، ٣. پێشکەسکردنی هاوکاری لە بنیاتنانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان کورد و نەتەوە دراوسێکان و هەموو گەلانی جیهانا. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەکەش لەم کەسانە پێکهاتبوون: س. ئێ. ڤان ڕۆی (سەرۆک)، جێگری سەوک و کاروباری خوێندکاران ل. سیمۆنس، سکرتێری گشتی و کاروباری کتێبخانە ی. کامپ، ژمێریار ئێ. ڤ. بروکسما. کۆمەڵەکە لە پەیوەندی توند و تۆڵدا بوو لە گەڵ ئەوانەی ئەو کاتە بۆ ناساندنی دۆزی کورد لە ئەوروپا کاریان دەکرد. لە بارەی هەواڵنامەکەشیانەوە ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەم هەواڵنامەیە دەیەوێت باس و خواسی کورد و کوردستان بە جیهان بگەیەنێت.



دکتۆر جەبار قادر

یەکێ لە کارە گرنگەکانی سیلڤیۆ ڤان ڕۆی بە هاوکاری لە گەڵ ڕولۆف تامبورا بڵاوکردنەوەی بیبلیۆگرافیای کوردی بوو(بیبلیۆگرافیای کوردی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان). ئەم کارە بە یەکێک لە باشترین بیبلیۆگرافییەکان لە بارەی کورد و کوردستانەوە دائەنرێت. هەموو ئەو نووسینانە دەگرێتە خۆ کە لە بارەی کورد و کوردستانەوە تا ٣٠ حوزەیرانی ١٩٦٦ بە زیاتر لە بیست زمان بڵاوکرابوونەوە. بیبلیۆگرافیاکە بەسەر یەکەوە ٩٣٥٠ ناونیشانی گرتۆتەخۆ. ئەم بەرهەمە گرنگە لە ساڵی ١٩٦٨ لە دوو بەرگ و لە نزیکەی ٧٠٠ لاپەڕەدا لە ئەمستەردام بڵاوکراوەتەوە. ئەمە لە دوای بیبلیۆگرافیا ڕووسییەکەی ژاکە موسائیلیان، کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە، باشترین و بەربڵاوترین بیبلیۆگرافیا بوو، کە ئاسانکارییەکی زۆری بۆ توێژەران و کوردناسان پێکدەهێنا. پرسێکی تری پڕ بایەخ و گرنگ کە سیلڤیۆ ڤان ڕۆی و هاوڕێکانی بیریان لێکردەوە کۆکردنەوەی زانیاری بیۆگرافی (ژیاننامەیی) بوو لە بارەی کورد و کەسایەتییەکانی کوردستانەوە. لەم بوارەدا زۆر وێنەی دەگمەنیشیان کۆکردەوە و ئێستا لە پێنج کارتۆندا پارێزراون. ئەم کارەیان بۆ ئەوە بوو کە لە داهاتوودا ئینسایکلۆپیدیاییەک لە بارەی کورد و کوردستانەوە ئامادە بکەن کە وادیارە ناوی کوردیکایان لێنابوو. دوای ئەو ڕۆژانە بە زیاتر لە سی ساڵ هەوڵێکی تر لەم بوارەدا درا بە هاوکاری پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا بۆ ئامدەکردنی کورتە یا پوختە ئینسایکلۆپیدیای کوردستان. خوالێخۆشبوو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی سەرپەرشتی دەکرد و نووسەری ئەم چەند دێڕەش تێیدا بەرپرسیاری ئامادەکردن و چاپی سۆرانی بوو. لە بەر بێ پارەیی ئەم پرۆژە گرنگە نەهاتە دی. کاتێ گەڕامەوە بۆ وڵات لە دوای ڕەزامەندی مامۆستا وانلی ویستمان پرۆژەکە لەوێ جێبەجێ بکەین، بە هۆی ڕێنمایی بیرۆکراتی و تێنەگەیشتن لە گرنگی ئەم جۆرە پرۆژانە و کەمدەرامەتی دارایی و زانستی و لە دوای ئەوەی بە دوو سێ کەس بە هەزار حاڵ کەرەستەی دوو بەرگمان ئامادەکرد، پرۆژەکە دیسان پەکخرا و لە گۆڕ نرا. بڕوانە ل 4

# کامپ دەیویست لە سەر ڕەهەندی زمانەوانی دۆزی کورد کار بکات.

## لە ماوەی نۆ مانگدا لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەکەوە، دوو سەد ناونیشان و ١٢٥٠ بابەتی بیبلیۆگرافی کۆکردەوە...



ئیبراهیم ئەحمەد و عیسمەت شەریف وانلی



دکتۆر مەحمود عوسمان و سیلڤیۆ فان ڕۆی

هیوادارم ڕۆژێک ناوەندێکی زانستی ڕاستەقینەی کوردی پەیدا ببێت و ئەم پرۆژە گرنگە زیندوو بکاتەوە. بەرپرسانی ئەم کۆمەڵەیە پلان و خەونی زۆر گەورەیان هەبوو. لە لایەکەوە بیریان لە پێکەوەنانی کتێبخانەیەکی ناوەندیی کوردیی لە ئەوروپا دەکردەوە، کە یەکێ لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە یان کامپ، کە تەمەنی سی ساڵ بوو و لە بواری زماندا لە زانکۆی ئەمستەردام خوێندنی تەواو کردبوو. شارەزایی لە سانسکریتیدا هەبوو و لە زمانی یۆنانی نوێوە کاری وەرگێڕی دەکرد. کامپ دەیوسیت لە سەر ڕەهەندی زمانەوانی دۆزی کورد کار بکات. کامپ سەرباری ئەرکی سکرتێری گشتی کۆمەڵەکە، بەرپرسیارێتی کتێبخانەکەشی لە ئەستۆ بوو. لە ماوەی نۆ مانگدا لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەکەوە، دوو سەد ناونیشان و ١٢٥٠ بابەتی بیبلیۆگرافی کۆکردەوە. کامپ سێ ئامانجی بۆ خۆی دانابوو. فێربوونی زمانی کوردی، سەرپەرشتیکردنی کارە زانستییەکانی کۆمەڵەکە و گەڕان بە کتێبخانە ڕۆژهەڵاتناسییەکاندا بۆ کۆپیکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی کوردەوە بۆ کوردیکا. ئەمانە هەمووی کاری مەزن بوون و بە ڕێکخراوێکی کەمدەرامەتی وەک کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کورد زۆر ئەستەم بوو جێبەجێ بکرێن. لە گەڵ ئەوەشدا بە هەموو توانایانەوە لەم ڕێگەیەدا کاری زۆریان کرد و کۆسپ و تەگەرەکان ساردیان نەکردنەوە، بۆیە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندیان لە دوای خۆیان بۆمان بەجێهێشت. لایەنێکی تری بایەخپێدانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان جیۆگرافیای کوردستان بوو. بۆ ئەم مەبەستە بەشێکیان بە ناوی بەشی جیۆوگرافیایەوە کردەوە، کە هێلموت بێکەرز لە دوسلدۆرف سەرپەرشتی دەکرد. بێکەرز دوو جار سەردانی کوردستانی کردبوو. ئەم بەشە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوو بۆ ئەوەی گایدێک "ڕێبەرێک"ی گەشتیاری بۆ هەموو کوردستان دروست بکات. دەستکرابوو بە کۆکردنەوەی نەخشەی جیۆگرافی تایبەت بە ئابوری، هۆز و خێڵ، مێژوو و زمانەکانی کوردستان. لەم بارەیەوە داوای یارمەتی لە خوێنەران کرابوو بۆ ناردنی زانیاری و ئاگاداری تایبەت بەم بوارە بۆ کامپ و کۆمەڵەکە. ئەو نەخشە جوگرافییە فرەنسییەی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٠٠ و ناوی کوردستانی لە سەرە و ئەو نەخشانەش کە کوردستان بە دابەشکراوی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا پیشان ئەدەن بە هەوڵی ئەم بەشە پەیدا کران. هەندێکیان هی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی بوون و لە گەڵ وتارێکی خۆیدا لە هەواڵنامەکە بڵاوی کردنەوە و هەندێکی تریان بە هەوڵی ئەندامان و لایەنگرانی پەیدا کران و لە کتێبخانەکانی ئەوروپا و ئەمێریکا دۆزرانەوە. لە ژمارە ١٢ ساڵی ١٩٦٨ سیلڤیۆ فان ڕۆی ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی لە سەر کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە بڵاوکردۆتەوە. ئاماژە بە چاپکردنی هەندێ کتێب و نامیلکە دەکات لەوانە کتێبێکی حەمەڕەش ڕەشۆ، بیبلیۆگرافیای کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان و ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ئالان وارد " ئیلیمێنتەکانی زمانی کوردی" کە لە پلاندا بوو بۆ ساڵی ١٩٦٩ دا بڵاوبکرێتەوە. سیلڤیۆ لەو ڕاپۆرتەیدا باس لە کۆسپ و ئاستەنگە دارایی و سیاسییەکانیش لە بەردەم کۆمەڵەکە دەکات. تورکیا لە دژی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی حەمەڕەش ڕەشۆ کێشەی بۆ کۆمەڵەکە دروست کردبوو. نوێنەری کۆمەڵە لە بولگاریا دەستگیر کرا هەرچەندە کەسێک بوو لە شەڕی ئازادی بولگاریا و لە دژی نازییەکان پارتیزانێکی جوامیر بوو. ئەوەی چیکۆسلۆفاکیا بە هۆی شۆڕشەکەی دوبچک و داگیرکاری سۆڤیەتەوە هەڵهاتوو و خۆی گەیاندە هۆڵەندا. پەیامنێرەکەیان لە باشوری کوردستان لە لایەن ئێرانەوە بێدەنگ کراو و ئیتر نەیدەتوانی هەواڵ و زانیارییان بۆ بنێرێت. هەموو ئەوانەی هاوکاری کۆمەڵەکەیان دەکرد لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیاندەوێرا بە ئاشکرا کار بکەن. زۆریان بە دزییەوە کاریان بۆ کۆمەڵەکە دەکرد و نامە و هەواڵیان بۆی دەنارد. لە لوبنان و سوریا لە بارێکی سەختدا کاریان دەکرد. هەرچەندە ئەوانەی کۆمەڵەکەیان دامەزراند خەڵکانی چەپ و دیموکرات بوون (هەڵبەتە بە مۆدێلە ڕۆژئاواییەکە)، بەڵام ئەمە دادی نەدەدان و کەوتبوونە بەر شاڵاو و هێرشی شۆڤینیستانی عەرەب کە بە لایەنگرانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دابەشکردنی خاکی عەرەب تۆمەتباریان دەکردن. هەندێ کوردی عیراقچیش بەشدارییان لەم هەڵمەتەدا دەکرد. هەموو ئەم کۆسپ و تەگەرانە ورەیان پێیان بەرنەدادو و لە سەر کارەکانی خۆیان بەردەوام بوون. سیلڤیۆ فان ڕۆی تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد (لە ساڵی١٩٨٢)، ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی کۆکردەوە، کە درێژیی دوازدە مەتر و نیوە، لە بەر ئەوەی هەر خۆی لە یەکەم ڕۆژەوە دامەزرێنەر، سەرۆک و جێبەجێکاری کارەکانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان بووە، بۆیە جیاکردنەوەی ئەرشیفی کەسیی خۆی لە ئەرشیفی ڕێکخراوەکە کارێکی ئاسان نیە. پەیمانگەی نێونەتەوەیی مێژووی کۆمەڵایەتیش، کە ئەرشیفی فان ڕۆیی پێ بەخشراوە وەک یەک یەکەی ئەرشیفی هەڵس و کەوتی لە گەڵدا کردووە و لە کتێبخانەکەی خۆی لە ئەمستەردام پاراستوویەتی و لیستی بۆ پێکهاتەکەی دروست کردووە. ئەرشیفەکە گەلێک دەوڵەمەندە نامیلکە، کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، وێنە، بەکرەی دەنگی تۆمارکراو...تاد دەگرێتە خۆی.

بڕوانە ل 5

# بەر لە دە ساڵ خۆبەخشانە بۆ ماوەی دوو هەفتە کارم لەم ئەرشیفە کرد....!

## کۆمەڵێک نووسراو، تۆماری دەنگ و وێنەیان هەبوو، کە بە پیتی عەرەبی لە سەریان نووسرابوو، یا هیچیان لە سەر نەنووسرا بوو

لەم گوتارە کورتەدا ناکرێت باس لە هەموو ئەو بەڵگە و کەرەستە مێژووییانە بکەم، کە لە ئەرشیفی سیلڤیۆ فان رۆی و کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان لە ئەمستەردام پارێزراون. ئەوەی گرنگە ئاماژەیان پێ بکەم ئەم دۆسێ و فایلانەن:



سیلڤیۆ فان رۆی، ٢٦–٠٢–١٩٥٥

- دەستنووسەکانی سیلڤیۆ فان رۆی لە بارەی کورد و کوردستانەوە، لە گەڵ هاوپێچەکاندا ساڵی ١٩٦٨. (شەش فایل).
- فان رۆی: کورد: گەلێکی ژێر دەستە، ١٩٦٨. هەروەها کوردستانی شاراوە، ساڵی بەسەرەوە نیە.
- راپۆرتی شەر لە کوردستان لە ساڵی ١٩٧٤ (یەک فایل).
- تێبینی بیۆگرافی و گەلێ وێنەی ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦٩ بۆ ئامادەکاری دانانی ئینسایکلۆپیدیای کوردیکا (پێنج کارتۆن).
- زانیاری بیبلیۆگرافی کە بۆ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کوردی کۆکرانەوە و لە ساڵی ١٩٦٨ لە دوو بەرگدا بە چاپ گەیەندرا (یەک کارتۆن).
- تێکستەکانی کتێبی ساڵانەی کوردستان (١٩٦٦) (دوو فایل).
- کۆپی هەواڵنامەی (Kurdish Facts) و هەواڵە تایبەتەکانی ISK و کتێبی ساڵانەی کوردستان هی ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦٧ (دوو فایل).
- دەستنووس لە بارەی رووداوەکانی کوردستانەوە لە گەڵ دیمانە و چاوپێکەوتنی تۆمار کراو لە سەر بەکرە (ساڵانی ١٩٦٧ – ١٩٧٠).
- دەستنووسی کتێبەکەی ئالان وارد لە ساڵی ١٩٦٨.
- ژمارەکانی گۆڤاری هاوار ١٩٣٢ – ١٩٣٣ لە گەڵ کۆمەڵێک رۆژنامەی کوردان بە زمانی عەرەبی هی ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦٦. (یەک کارتۆن).
- کۆمەڵێ رۆژنامەی عەرەبی لە بارەی کورد و کوردستانەوە. (یەک کارتۆن).
- کۆمەڵێ نەخشە و گایدی گەشتیاری ژمارەیەک وڵاتی وەک تورکیا، عیراق، ئێران، یەکێتی سۆڤیەت، ئەڵمانیا، ئوتریش ...تاد (سێ کارتۆن).
- بەڵگە و دەکیومێنتی تری ساڵانی جیاواز. ( یەک کارتۆن)
- تێکستی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی – هۆگۆ ماکاس ١٩٢٦.
- لە بارەی کورد و کوردستانەوە لە گەڵ پاشکۆکاندا ١٩٦٨ (شەش دۆسێ). ئەمانە و گەلێ بەڵگەنامە و کەرەستەی مێژوویی تر کە دەکرێت بۆ دەمێکی دوور و درێژ مرۆڤ کاریان لە سەر بکات و زانیاری گرنگیان لێ وەدەست بێنێت.

بەر لە دە ساڵ خۆبەخشانە بۆ ماوەی دوو هەفتە کارم لەم ئەرشیفە کرد. کۆمەڵێک نووسراو، تۆماری دەنگ و وێنەیان هەبوو، کە بە پیتی عەرەبی لە سەریان نووسرابوو، یا هیچیان لە سەر نەنووسرا بوو، وادیارە کەسیان دەست نەکەوتبوو



مەهاباد ١٩٦٣

ناوەرۆکی ئەو زانیارییانەیان بۆ یەکلابکاتەوە، بۆیە داوایان لە من کرد و منیش بە خۆشحاڵییەوە کارەکەم ئەنجامدا. دوای ئەوە بۆ ماوەی دە ساڵ گەڕامەوە بۆ کوردستان و بابەتەکەم بۆ ماوەیەک لە بیرکرد. لەم رۆژانەدا لە نێو پەڕاو و کاغەزە کۆنەکانمدا دەگەڕام پێنج ژمارەی هەواڵنامەی( Kurdish Facts and West– Asian Affairs) م لە فایلێکی کۆندا دۆزییەوە، کە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کاتێ لە مۆسکۆ دەمخوێند دۆستان و برادەران لە ئەڵمانیا و سویدەوە بۆیان ناردم، بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەمدا کەڵکیان لێ وەربگرم. کاتێ لە ١٩٧٨ گەڕامەوە بۆ کوردستان نەمتوانی لە گەڵ خۆمدا بیانبەمەوە، بۆیە لە لای دکتۆر جەمشید حەیدەری دامنان. دوای ساڵانێکی زۆر دکتۆر جەمشید ماڵی ئاوا بێت، فایلێکی بۆم ناردەوە، وادیارە بەشێکی شتەکانی تر بەر ئەو ئاگرە کەوتن کە لە ماڵەکەی ئەوێ گڕی گرتبوو. ئەم ژمارانەی هەواڵنامەکە بابەتەکەی هێنایەوە بیرم و بە پێویستم زانی لایەک لە سیلڤیۆ فان رۆی و هاوڕێکانی بکەمەوە کە بە بێ بەرامبەر ئەو هەموو رەنجەیان بۆ کورد کێشاوە و چاوەڕوانی ئەوە نەبوونە کەس سوپاسیان بکات. ئەم جۆرە مرۆڤانە مایەی رێزلێنان و نابێت کورد لە یادیان بکات. چەند کوردێک هێشتا لە ژیاندان کە لە کاتی خۆیدا لە گەڵ ئەم پیاوەدا پەیوەندییان هەبووە، بەداخەوە من بۆ خۆم نەمبینیوە هیچیان لە سەر نووسیبێ یا وەبیری ئێمەیان هێنابێتەوە.


سەرچاوەکانی ئەم زانیارییانە ئەمانەن:


1. Rooy, Silvio van and Tamboer, Kees. ISK's Kurdish Bibliography. (International Society Kurdistan, 2 vols.). Amsterdam 1968.
2. Kurdish Facts, and West Asian Affairs, Nr. 7, 8, 11– 12, Amsterdam1961; Nr. 2, 12. Amsterdam 1968.
3. Archief Silvio van Rooy, 1948– 1982. Internationaal Instituut voor Sociale Geschiedenis.
4. Lokman I. Meho and Kelly L. Maglaughlin, Kurdish Culture and Society, An Annotated Bibliography, GP, London 2001.

5. Martin van Bruinessen, The Kurds in movement: issues, organization, mobilization, talk given to the Friends of the IISH, Amsterdam, 4 December 2003

# پرسی نەتەوەیی کورد و ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ

پاشماوەی ل ٢




ئەوە بوو سەرەنجامی ئەو یەکەم کۆمارە کوردییەی ناو یەکێتی سۆڤێت. کوردەکانی ناوچە کوردییەکانی کۆماری ئۆتۆنۆمیداری کوردستانی سوور، کۆمەڵ بە کۆمەڵ، بە زۆر و زەبروزەنگ، دوورخرانەوە و ڕەوانەی ناو کۆمارەکانی تری یەکێتیی سۆڤێت کران. بە هەزارانیان لە برسا و لەسەرمادا لەناو چوون و کۆمارەکەشیان لەدەست دا و لەژێر سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانە و دڕندانەی ستالین و یەکێتیی سۆڤێتی سەردەمی ئەدودا، کوردانی کوردستانی سۆڤێت و کوردستانی سوور بەو سەرەنجامە دڵتەزێن و تراژیدای نەتەوەییە گەیشتن. بێگومان دەوڵەتەکەی شێخ مەحموودی نەمریش لە باشووری کوردستان و دەوڵەتی جەمهوریەتی کوردستانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بە هەمان چارەنووس گەیشتن و هیچ دەوڵەت و گەورە هێزێکی جیهانی دانی پێدا نەنان و نەیانتوانی بەردەوام بن!؟ ئێستا با بگەڕێینەوە سەر باسی پەیمان و ڕێککەوتننامەی شوومی سایکس–پیکۆ، ئەوە بوو دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی دروستبوونی کۆماری تورکیای نوێ، کوردانی باکووری کوردستان بەتەوای کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی کوردستان. تورکانی ڕەگەزپەرست و داگیرکەر و دڕندە، شانبەشانی کۆمەڵکوژیی کوردان، زۆرتر لە ملیۆنێک ئەرمەنیی سڤیل و بێتاوانیان کۆمەڵکوژ کرد و لەسەر ئێسکوپرسکی کورد و ئەرمەن، کۆماری تورکیای نوێیان دامەزراند. ئەمە ڕووداوانە ڕاستیی مێژوویین و بە سەدان بەڵگەی مێژوویی و دۆکومێنتارییان لەسەر تۆمارکراون و سەدان وتار و نامیلە و پەرتووکیان لەسەر نووسراوە.لێرەدا بواری ئەوە نییە درێژە بەم بابەتە بدرێت و ئەم کورتە نووسینەش بۆ ئەم مەبەستە نییە و تەنها مەبەستەکە ئەوەیە ئاماژەیەک بە دابەشکردنەوەی کوردستان بدرێت کە بەرهەمی سایکس–پیکۆ و ناکۆکی و نارێکخراوی و یەکنەگرتوویی ئێمەی کورد خۆیشمان بوو. گەورە هێزەکانی وەکو ئینگلستان و فەڕەنسا، بە پلان و بەرنامە، بەشێوەیەک نەخشەی ناوچەکەیان ڕەنگڕێژکردەوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی مێژوویی بتوان بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشێکی کوردستانیان پێوەلکێنراوە، مسۆگەر بکەن.

دابەشکردنەوەی کوردستانی ژێردەستی عوسمانی بەسەر تورکیا و عێراق و سوریادا، پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردی کردە کارتێکی فشاری ئابووری و سیاسی و سەربازی بەدەست گەورە هێزەکانی وەکو ئینگلستان و فەڕەنسەوە و ئەو گەورە هێزانە بەهۆی کارتی کوردییەوە، باڵادەستی و داخوازییەکانی خۆیان بەسەر وڵاتانی تازە دروستبووی تورکیا و ئێراق و سوریا و تەنانەت ئێرانیشدا سەپاندوو و ملکەچی و گوێڕایەڵی ئەو دەوڵەتانەیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان مسۆگەر کردووە.



هەربۆیە هەتا ئێستایش گەورە هێزەکانی وەکو ئینگلستان و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و پاشان ئەمەریکاش، لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە تازە دوستکراوانەدان و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان لە بەرژەوەندیی خۆیان نازانن.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئێمەی کورد چۆن و بە چ ڕێگە و شێوە و شێوازێک بتوانین لە چوارچێوەی پەیمان و ڕێککەوتننامەی سایکس– پیکۆ بێینە دەرەوە و خۆمان لە بازنەی داخراوی کارتی فشاری کوردی بە دەست ئەو گەورە هێزانەوە ڕزگار بکەین!؟

کێشە و تراژیدایای نەتەوەیی و نیشتمانی ئێمەی کورد، هەتا ئێستایش هەر ئەمەیە کە ئەو دەوڵە گەورە هێزانە، ئەمەریکا و ڕووسیا و ئینگلستان و فەڕەنسە و ئەڵمانیا، کە بەرژەوەندییی زۆریان لە ناوچەکەدا هەیە، پشتیوانی لەمانەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکەن و بەرژەوەندییان لە یەکپارچەیی ئەو وڵاتانەدا هەیە کە کوردستانیان لەنێواندا دابەشکراوە، هەربۆیە کارتی کوردی، وەک کارتی فشار، چ لە ڕابووردوو و ئێستا و داهاتووشدا بۆ ئەوان هەر گرنگە و کارتێکی بەهێز و کاریگەر و هەڕەشەئامێز و کارایە بۆ فشار خستنە سەر ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان!؟

بە دڵنیاییەوە ئێمەی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، هەتا وەکو کارتی فشار بمێنینەوە، ئەگەری دروست بوونی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان زۆر دوورە دەستە و هەر وەک خەون و هیوا و ئاواتی ئێمەی کورد خۆمان دەمێنێتەوە!؟

بەختیاری شەمەیی

لە ژمارەکانی ئایندەی تاراوگەدا ئەم دوو بابەتە و بابەبەتی هەمەجۆری دیکەش بڵاودەبنەوە:

* کرۆنۆلۆژیای مێژووی تورک: ئیسماعیل بێشکچی لە ئەڵمانییەوە / ئەنوەر ئەڵمان.

* چاکسازی و مێژووی چاکسازی، لە دەستەڵاتی ئایینی مەسیحی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەوروپا!

بەشی چوارەم و کۆتایی:
پاشماوەی ژمارە 15 ی تاراوگە



مامۆستا نوری کەریم

تۆ لەوەگەڕێ، بیری کوردایەتی لەقۆناغی سەرەتاییشدا وەک شانازیکردن بەخۆو باپیران و پاراستنی کولتوورەوەبەردەوام لەگەشە و پەرەسەندندا بووە، هەمیشەش ئەو هەستەسروشتییە، کەدواتر چۆتەقاڵبی بیرێکی دیارو ڕێکخستنی رامیارییەوە، شۆڕشەکانیان هەڵگیرساندووەنەک بەپێچەوانەوە. سەرکردە و رابەرەکانی کورد زۆربەیان لەبنەماڵەئاینییەکان و خوێندەوار و شارەزابوون، لەمێژووی گەلانی دراوسێش زۆر بێئاگا نەبوون، زۆریشی لێوەفێربوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی بیخەنەقاڵبی پراکتێکەوە، بەڵکو ئەزموونەتاڵەکانی دووبەرەکی و خۆخۆری و خۆپەرستی و چاولەبەرژەوەندیی تایبەت و کەوتن و هەرەسەکانیان دووبارە و صەدبارەدەکردەوە. زۆربەمان هەرهەرەسی شۆڕشی ئەیلوولمان لەبەرچاوە، بەڵام لەراستیدا هەر هەموو شۆڕش و راپەڕین و حکوومەت و کۆمار و قەوارەسەربەخۆ و نیمچەسەربەخۆکانیش بەهەرەس کۆتاییانهاتووە.
نوسەر بڕوای وایە کە تەنها و تەنها ڕاپەڕینە مێژووییەکەی بەهاری ساڵی 1991ی باشوری کوردستان، لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی گونجاودا سەرکەوت و تا ئێستا خۆی لە بەرامبەر گشت هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا گرتووە و دەستکەوتیشی فرەیە. زۆربەی هەرەزۆری رووناکبیرانی کورد و سەرکردەکانیش پاساو بۆ سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد ئەدەنەپاڵ فاکتەرەجوگرافییەکە، گوایەبستێک خاکی کوردستان نەکەوتۆتەسەردەریا...!! ئەی شۆڕش لە خۆرهەڵات، باکوور بۆ سەرنەکەوت یا لەبەشەگچکەکەی ناوەند شۆڕش بۆهەڵنەگیرسا، خۆ گەرووی هورمز و بەندەری ئەسکەندەروونەکوردستانن...؟!
کورد بەدرێژایی مێژووەدێرینەکەی ناکۆک و دژو خۆخۆر بووە، هێزو تواناکانی بەسەر دووژمنەکانیدا دابەش بووە، هەرگیز دوو سەرکردەپێکەوەدانوویان پێکەوەناکولێت، هەر بۆ نموونەهێزەکانی گۆڕەپانەکە 1958 - 1975 بریتیبوون لە:

# ناساندنی کتێبی
## پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد




پارتی دیموکراتی کوردستان، کاژیک و پارتی کۆمۆنیستی عێراق. 1976/ 1977 - 1994 پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ئێران، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ عێراق، پارتی گەل، پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران، کۆمەڵەی مارکسیی لینینی کوردستانی خۆرهەڵات و پارتی کرێکارانی کوردستان (پێکەکە) لەباکوور، ئەمسەر و ئەوسەریشی تفەنگ و پیشمەرگەو شاخ وخەباتی نهێنیی ناوشار و شارۆچکەکان بوو.
نوسەر لە کتێبەکەیدا وەک نوسەرێکی نەتەوەیی بەلای پارتەکەی خۆیدا دایئەشکێنێ و ئەڵێت: کاژیک و پاسۆک لەکانیاوی بیری کوردایەتی و پێکەکەلەسەر بنەماکانی مارکسیزم درووشمی رزگارکردنی کوردستانی گەورەیان بڵند کردبوو. پارتی و یەکێتی و سۆسیالست و دیموکراتی ئێران جگەلەکۆمەڵەلەبەرنامە و پەیڕە و و پرۆگرامدا یەک ئامانج بوون، کەبریتیبوو لە (دیمۆکراتی بۆ عێراق / ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و مەگەر لەپێکهاتەی سەرکردایەتییەکانیاندا جیاواز بووبن ...
نوسەر لە سەرئەنجامدا ئاماژە بەوە ئەدا، کە دوواتریش لەو هێزەسیاسییانەی هاتنەگۆڕەپانەکە، بەرچاوترینیان بزوتەوەی چاکسازی و گۆڕانە، کەوەک سەرەتا بەگوڕوتینێکەوەخۆی ناساند و لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بەهاری ساڵی 2009 توانی 25 کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنێت وەک رەنگدانەوەی نارەزایی جەماوەر و گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا. بەبۆچوونی نوسەر ئەو سەرکەوتنەکاتیەو پێوانەی راستەقینەی سەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ئەبێتەنیشانەی سەرکەوتن و جێگیر بوون لەنێو جەماوەردا.
نووسەری کتێبەکە باوەڕی وایە، بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێت:
هیچ کارێک بێ کەموکووڕیی نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕناکەم ئەم بەرهەمەکەموکوڕیی و هەڵەی واگەورەی تێدابێت، لەو جۆرەهەڵانەبێت بە(کێرد)ەکەی مەلای مەشهور بیکرێنین. وەک خۆی ئەڵێ بەندەبەکۆڵێکی گرانەوەخۆم لەگێژەنگی دەریایەکی قووڵ هاویشت و کۆڵەپشتەکەم گەیاندەئەوبەر و ئەو پەیامەی ئەمویست گەیاندم، جاخوێنەری هێژاش سەرپشکەو خۆیی و شیری پاکی و ویژدانی زیندووی.
ئێمەش ماندونەبوونی و دەستخۆشی لە مامۆستا نوری کەریم ئەکەین، بۆ ئەو ئەرکە قورس و گرانەی لە بەرهەمهێنانی ئەم کتێبەدا کێشاوێتی، کە توانیوێتی بەشێکی گرنگی(پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد) بخاتە پێشچاوی خوێنەرانی کورد بەگوێرەی بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیای خۆی تیشک بخاتە سەر رووداوەکان و ئێمەش ئەم خوێندنەوە ڕاگوزەرمان بۆ هەر سێ بەرگەکە کرد، بێگومان ئەم ئەرکە گرانە پێویستی بە ڕامان و بەدواداچوونی دیکەی شارەزایان و ڕەخنەگرانی دیکەش هەیە.

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد




## جەلال ڕەئووف

هونەرمەندی شێوەکاری کورد جەلال ڕەئووف محەمەد، لە ساڵی 1957 ی لە شاری سلێمانی باشوری کوردستان، لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراو لەدایک بووە، هەرلە منداڵیەوە، تێکەڵاوی ناو دنیای هونەر و ئەدەب بووە، دوای تەواوکردنی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا ساڵی 1979 بۆ بەردەوامی لە خوێندنی باڵا، ڕووی کردۆتە ئیتالیا، لە شاری پروجیا Perugia لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان وەرگیراوە و پاشان چۆتە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی فلۆڕەنسا و ساڵی 1984 تەواوی کردووە، پاش نیشتەجێبوون و مانەوەیەکی زۆری لە فەڕەنسا، ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی وەرگرتووە. لە ساڵی 2003 شەوە لە شاری ئەسیزی Assisi ئیتالیا دەژی و هەر لەوێ کاردەکات، تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە ڕەنگدانەوەی دنیابینی خۆیەتی لە کە بەرجەستەی سروشت و مرۆڤی کردووە، هەروەها لە پێشەنگاکانیدا تابلۆکانی بە هەستیارییەکی زۆر و داهێنانێکی ڕاستگۆیانە و ناخی کۆچەریان ستایش دەکرێت، جەلال ڕەئووف چەند ڕۆمانێکی نوسەری ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ تابوتشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کارەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

http://jalalino.wordpress.com/








# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807